# وەڵامی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردستان

**ئاسۆ حامدی**

هەر هێزێکی کۆمەڵایەتی  بتوانێ وەڵامی ئەم گرفتانەی کۆمەڵگای کوردستان بداتەوە دەتوانێ هێزێکی یەکلاکەرەوەبێ ئەمەش لە گرەوی خەبات و ئامادەگی هیزەکاندایە لە لایەک لە لایەکی تریش دژایەتی هێزەکانی مەوجود و دەسەڵات.

لێرەدا وەک لێکۆلەرەوەیەکی مەیدانی سەیری کۆمەڵگای کوردستان دەکەم لە مەسەلەکانی ناوەخۆ( نادوژمنانە) و دەرەکی (دوژمنانە). ئەگەرچی لە واقع دا هەردووکیان ڕووی یەک دراون، بەڵام بۆ ئەمڕۆ چاککردنی گرفتە ناوەخۆییەکان و یەک دەنگی کۆمەڵگای کوردستان ڕوو بەدەرەوە ئەهمیەتێکی جدیان هەیە. ئەوکات دەکرێ باس لە وجودی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی بکرێت. ئەگەرچی ئەمانە لە واقعی عەمەل دا زۆر زەحمەتن و خەباتی زۆریان دەوێ. بەتایبەتی لەم وەزعەی ئەمڕۆی کوردستان و کەش و هەوا وڕەوشە سیاسیەی کە مەوجودە. هیچ حزبێ لە کوردستان لە قازانجی بەرزی نەتەوەیی یەوە حەرەکە ناکات بەڵکو هەموویان بۆ قازانجی حزبی و بگرە کەسایەتی ڕابەرەکانیان قازانجی بەرزی نەتەوەیی دەکەن بە قوربانی، دەیان نموونەی مێژوویی زیندوومان هەیە.

بۆ ئەمڕۆی کوردستان بە وەزعی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هیزێکی گەلی دڵسۆز دەتوانێ هیزێکی بە هیز بێت، لە غیابی ئەمە  مۆدێلی ئیسلامیەکان دەتوانن ببنە هیزی دووەم ، کاری مۆدێلە سوسیالیستیەکان لە کۆمەڵگا دا وایکردووە کە مەسەلە ناسیونالیەکان بە حزبە بە ناو ناسیونالیستەکان بسپێرن و خۆیان لە حاشیەی ڕووداوەکاندابن و ناتوانن لە ڕوانگەی کۆمەڵگا ئەلتەرناتیڤ و هێزی دووەم یان سێیەم بن.

ڕەنگە مۆدێلی سوسیالیستەکانی ئەگەر زیاتر دەست بۆ ڕیفۆرم و چاککردنی کۆمەڵگا ببەن لە چوارچێوەی یاسای کۆمەڵگای مەجود بتوانن هێزێکی بەرین کۆبکەنەوەو بە جەماوەری ببنەوەو ببنە هێزێکی کۆمەڵایەتی حیساب بۆکراو.( بەڵام هەندێ لە ختابی  چەپەکان کە ئەوانیش بەشێ لە مۆدێلی سوسیالیستین  جارێ هەر حکومەتی کوردستان بە دەسەڵاتی میلیشیای دادەنێن و دوایش داوای ئیجازەی حزب لەو حکومەتە دەکەن ..!. ).

بە بڕوای من چەپی کوردستان زیاتر دەبێ خەریکی گرفتەکان و چارەسەری گرفتەکانی ڕۆژانەی شوین وکار وژیانی خەڵکی کوردستان بێت ( ئەمە لە ئۆپراسیۆندا) دوای خۆی لە خۆیی دا مەسەلەی لێپرسراویەتی و دەسەڵات گرتنە دەست و حوکم کردن مەترەح دەبێ. لە تاکتیکدا دەبێ یاسایی کاربکات و بە زمانێکی سادە و ڕەوان بۆ کۆمەڵانی خەڵک بەیان بکات ئەمە یە تاکتیکەکانمان و دواتریش ستراتیژەکانمان بۆ کۆمەڵگا ئەمانە دەبن.

ئەمە تەنها مەسەلەیەکی گۆڕانی کەلتووری و شکلی نیە لە خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی لە ژیانێکی شایستە و ئارام و تارڕادەیەک یەکسان و بەرقەراری عەدالەتی کۆمەڵایەتی بژی. بەڵکو مەسەلەیەکی ڕیشەیی سیستەمی کار و خەباتی جەماوەریە. ووشە ڕیزکردن و ڕەنگاوڕەنگ کردنی  تیوری مەسەلەیەکە و پراکتیک و جەماوەری بوونەوەش مەسەلەیەکی ترە. ئەگەر چەپ لەمە حاڵی بوو ئەوکات دەتوانێ بە هەمان ئامرازی مەجود دەست بەکاری عەمەلی خۆی بێ. چەپ و سوسیالیستە نوێخوازەکانی کوردستان هەروا لە تیۆری خالس و خۆ جیاکردنەوە لە یەک ڕزگاریان نەبووە و ماوەیەکی تریش هەر خەریکی ئەم خۆخۆریە دەبن.

هەربۆیەش هەروا هیزەکان دووشەق دەبن ( تەنها شەقبوونەکانی نێو حزبی شوعی عێراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی و عێراقی کافین وەک نموونە بیان بینین)، جا ئەوە مشاهداتی واقعین لە کۆمەڵگایەکی مەوجود بە هەموو کەموکوڕیەکانەوە.

با بگەڕێینەوە سەر باسی سەرەکیمان، بۆ ئەوەی وەلآمی دروستت بۆ کۆمەڵگا هەبێت دەبێ لە گرفتەکانی حاڵی ببیت. لە کوردستان گرفتەکان زۆر زۆرن، هەر بۆیەش بزوتنەوەیەکی کۆمەلآیەتی ئەلتەرناتیڤ دەبێ زۆر زرنگانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکات و یاسایی لە کۆمەڵگادا هەنگاو هەڵگرێ.( لێرە دەبێ ئاماژە بە و کارە باشانەش بکەین کە حکومەتی کوردستان بەم هەموو گرفتانەی هەی بووە هەندێ کاری باشی بۆ هاووڵاتیان ئەنجام داوە، ئەمەش هیوایەکە بۆ چاککردنی ئەم کۆمەڵگایە و پێشکەوتنی).

گرفتەکان دەکرێ بۆ دوو جۆر پۆلین بکرێن؛

1. گرفتە ناوەخۆییەکان
2. گرفتە دەرەکیەکان

گرفتە ناوخۆیەکان بریتین لە ؛

1. دەسەلآتی سیاسی لە کۆمەلگا؛ بوونی دوودەسەلآت لە نێو یەک دەسەلآت و بوونی کۆمەڵێ کەس و باند لەسەرەوەی یاسا لە کۆمەڵگا و نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی چالاک و بە ئەلتەرناتیڤ.
2. نەبوونی بەرنامەیەکی درێژخایان بۆ چاککردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان.
3. نەبوونی بەرنامەیەکی ئابووری و بەرهەمهێنانی نەتەوەیی و دیاری کردنی بوجە و ئیمکاناتەکان. نایەکسانی لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی گەڕەکەکان و شوێنی کار دا. مانەوەی کۆمەڵگای مشەخۆر و بێ بەرهەم و زیادبوونی ڕێژەی بێکاران و بێکاری دەمامکدراو لە کۆمەڵگادا.
4. نەبوونی سیاسەتیکی ڕۆشەن بۆ ئایندەی کۆمەڵگا بەنموونە ( زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، مەسەلەی خانوو، بیمە کۆمەلآیەتیەکان ، بیمە تەندروستیەکان ، یاساکانی کار ، مەسەلەی پیربوون و نەوەکانی پێشوو، مەسەلەی هاتوو چۆ لە نێوان شارەکان و خودی نێو شاردا، مەسەلەی پەنابەری و ئاوارەبوون ، زیادبوونی گرفتەکانی ژینگە ، نەبوونی سیاسەتێکی ڕۆشەن بۆ چاککردنی دەوروبەرهتد).
5. نەبوونی بەرنامەیەکی دروست بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و سوپای نەتەوەیی هەروەها هەڵنەخڕاندنی ( ئەمن و ئیستخبارات و پۆلیس و سەرباز) لە خزمەتی کۆمەڵگا و ئارامی ئابووری و سیاسی و کۆمەلآیەتی بۆ ئینسانەکان.
6. نەبوونی نەخشەیەکی دروست و دارێژراو بۆ سیاسەتی دام و دەزگاکانی حکومەت. بەنموونە بۆ عجزی میزانیەی حکومەت و هەلاوسانی مالی و هەڵبەزین و دابەزینی نرخی کالاکان ...هتد.
7. نەبوونی ئازادی تەواو لە کۆمەڵگا و دام و دەزگاکان و سەرکوتی هەر بیروباوەڕێک کە دژی دەسەلآتی شار بێ ( چونکە لە کوردستان تا ئیستاش حکومەتی بە فعلی و یەک بڕیار و یەک سەرچاوە نیە و هەر حکومەتی فیفتی فیفتی یە. لە بەرگێکی تردا و تۆزێ مکیاژ کراوە.).
8. دەست ئاوالآ بوونی سەرمایەدارە مشەخۆرەکان و یاری کردن بە نرخەکانی بازار و بێ مبالاتی دەزگاکانی دەوڵەت لە بەرامبەریاندا، چونکە زۆربەی خاوەن پارەدارەکان دەسەلآتی شار بەڕیوە دەبەن.
9. بوونی کۆمەڵێ بە ڕێوەبەری مشەخۆری سەردەماکانی بەعس و شەڕی براکوژی، ئەمانە هەم لە بواری کفائەت و هەم دلسۆزی دژی دەسەلاتن لە واقعدا و نایەنەوێ کۆمەڵگای کوردستان گەشە بکات.
10. نەبوونی پرۆسەیەکی مۆدێرن بۆ بەڕێوەبردن و هەلسوڕان و کارگێڕی کۆمەڵگا، ئەوەی هەیە بیروکراتیەکی زەمانی عوسمانی و سەردەمی ڕژێمەکانی یەک لەدوا یەکەکانی دەوڵەتی عیراقە یانی داگیرکەرانی کوردستان.
11. کزبوونی هەستی نەتەوایەتی بەهیز وەکو بزوتنەوەیەکی کۆمەلآیەتی. لە جیاتی ئەمە بوونی یان زیندووبوونەوەی تایفەگەری و عەشیرەت گەری و کەس پەرستی لە کوردستاندا.

12. نەبوونی مافی دارایی منداڵان و دەوڵەت هیچ ئەرکێکی ئیمکاناتی مالی بۆ پەروەردەی منداڵان لە ئەستۆ ناگرێ. لە هەمان کات نەبوونی یان کەمی مافەکانی پیرو پەککەوتەکان.

13. نەبوونی ئەدەب و هونەرێکی بەهێز کە بتوانێ کۆمەڵگا بۆ لایەکی تر وەرچەرخێنێ. دەوڵەت لەم نێوەدا هەر لە گەشە بە ئەدەب و هونەری حزبی دەدات زیاتر لە فەرهەنگی گەل و کۆمەڵگا.

14.باوەڕ بە خۆ نەبوونی تاک لە کۆمەڵگای کوردستاندا. تاکی ئەم کۆمەڵگایە سەری لێشێواوە و هەروا گەنجەکان تووشی زۆرگرفتی دەروونی و ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی دەبنەوە. دەوڵەت ناتوانێ لەگەڵ ویست و ئارەزووی لاوان و نەوەکانی ئایندەدا هەنگاو هەلگرێ و جێی متمانەیان بێ.

زۆر مەسایلی تر ماون وەکو پەروەردە و خوێندن و خوێندنی باڵا تا دەگاتە ڕێکخراوە کۆمەلایەتی و دیموکراتیەکان و

نەبوونی هیچ پێداویستەیک بۆ کەم ئەندامان و کەم ئەندامانی زهنی تا دەگاتە سەرکوت و کوشتنی ژنان بەناوی ناموس پەرستی و گەشەی پان ئیسلامیزم و زۆر بوونی لەچکەو سەرپۆشی و پەچەو عەبا تا دابەزینی ئاستی مۆسیقا و گۆرانی بەتایبەتی و هونەر بە گشتی نە بوونی هیچ یاسایەک بۆ دیفاع کردن لە بەرهەمەکانیان..

سروشتیە ئەگەر لە تەواوی گرفتەکان بکۆڵینەوەو باسیان بکەین، بەلام بۆ ووردەکاریەکان ئەوە باسی زۆر و تایبەتمەندن و کەسانی تایبەتمەندی دەوێ.

گرفتە دەرەکیەکان سێ جۆرن؛

1. گرفتە دەرەکیەکان لە گەڵ هیزە سیاسیەکانی گۆڕەپانی عێراقی،
2. گرفتەکان لە گەڵ دەوڵەتانی ئەقلیم ( سوریا، ئێران و تورکیە) و دونیای عەرەب
3. گرفتە ئەنتەرناسیونالیەکان

گرفتە دەرەکیەکان لە گەڵ هیزە سیاسیەکانی گۆڕەپانی عێراقی؛ خۆیان لە چەند تەوەرەیەکی گرنگ دەگرنەوە لەمانە؛

1. مەسەلەکانی دەسەلاتی سیاسی لە ئاستی عێراق و فیدراڵی کە ئیتلافی کورد و حزبەکانی وەکو پارتی و یەکێتی داوای دەکەن. یانی دەستوری دەوڵەتی ئایندەی عێراق.
2. بودجەی هەرێم و ئیمکاناتی ئابووری و کەرەستەخاوەکان ، بەتایبەتی نەوت و غاز و هتد کە خۆی لە یاساکانی نەوت دا دەدۆزتەوە.
3. چارەنووسی ئەو ناوچە کوردیانەی دوای ئۆپراسیۆنی بەناو ئازادی عێراق ڕزگارکراون و گەڕانەوەی یاسایی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یانی ماددەی 140 و پێکهاتەکانی.
4. هێزەکانی سوپا و یەکەکانی سەربازی لە ناوچەکانی هەرێمی فیدراڵ و وەزعیەتی سوپای عێراق. چارەنووسی پێشمەرگەو سوپای کوردستان و بودجەی کافی بۆ ئەرسنالی سەربازی لە کوردستان دا.
5. گەندەڵی ئیداری و ڕەشوە و فەسادی ئیداری حکومەتی مەرکەزی..
5. گرفتەکانی نێو مەزهەبی شیعە- شیعە و سوونە و شیعە و شەڕ و نائارامی لە ناوچەکاندا و یەکلانەبوونەوەی میلیشیات و سەقامگیرنەبوونی یەکەکانی دەوڵەت لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا.
6. تاک ڕەوی لە سیاسەتەکانی تەواوی تەحالفاتە سیاسیەکان هەر لەنێوکورد خۆی تا دەگاتە هەموو تەحالفەکانی تر هەر یەک لە هەوڵی مکاسب دایە بۆ خۆی..
7. کوشتن و بڕینی نەوەکانی کورد لە شوێنەکانی کە بەیەکەوەژیانی گەلی کورد لەگەڵ نەتەوەو مەزهەبی

جیاجیا دا دەژی و ئاوارەیی و مەسایلە کانی گرفتی نیشتەجێ بوون و یاساکانی.

2. گرفتەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ئەقلیم و دونیای عەرەب

هەرچی زیاتر کۆمەڵگای کوردستان پێ ویستی بە پەیوەندی لەگەڵ گەلانی دەوروبەر هەیە، بەڵام نەک لەسەر حسابی مەسەلە ستراتیژیەکان و ئایندە و چارەنووسی خەڵکی کوردستان.

ئەم هاوسەنگیە بە دوو دەسەڵات بەم هەموو مێژووی دۆستایەتی و تا دەسکێشی بۆ یان و دوژمنایەتی و کوشتن و هەڕەشەش لە هەندێ جاردا زەحمەتە ڕابگیرێ، لە لایەکی تر ئەم سنوورەی ئەم گەلانەی دەوروبەر بە سنوورێکی دەستکرد و داگیرکردنی بەشێکی وولاتی کوردستان دەست پێدەکات. گرفتە ئەسلیەکە لە مەدایە.

دونیای عەرەب و شوڤینزمی عەرەبی و سەرڕەقی ناسیونال مەزهەبی عەرەبی دان بەم ئاڵوگۆڕە نانێ و تەنانەت بەنموونە چەوساوەترینیشیان کە فەلەستینیەکانن،

بە کورتی کوردستان مەیدانی هەموو هێزێکی سیاسیە کە دەیەوێ وولاتەکەی لە داگیرکردن ڕزگار بکات. بەنموونە هیچ سنوورێ خەلکی زاخۆ و سلۆپیەو تەوێلە و بیارە لە مەریوان و سەردەشت جیا ناکاتەوەو نە سروشتی و نە مێژووی و نە هیچی تر. بەڵام بۆ وەزعی تاکتیکی کۆمەڵگای کوردستان ئەمڕۆ وا دەخوازێ کارێکی وا بکرێت هەموو هیزەکانی دەرەوەو ناوە ڕازی بکات، بەم هیزەی کە ئیستا لە دەسەڵاتە زەحمەتە هاوسەنگی یەکی دروستی پێ رابگیرێ..

هەر حزبێکی ئەلتەرناتیف دەبێ ئەم وەزعانەی لە مەسایلی ئۆپراسیۆن و تاکتیکی و ستراتیژی لەبەر چاوبی.

بە کورتی مەسەلەی کورد لەم نێوەدا ئەگەر بە ئازادی و یەکسانی چارەسەربکرێت یانی دووبارە پێناسە بوونەوەی ئەم وولاتانەی کە کوردیان بەسەر دابەشکراوە و ئەمەش لە وەزعی ئیستادا نە خەونەو نە خەیاڵ دەکرێ قورسایی نەتەوەیی کورد ئەمە ڕۆژگارێ فەرز بکات بەڵام ئەمە بەم بەرفراوانیە لە پراکتیک دا زەحمەتە و گرفتی زۆر دەنێتەوە، بۆیە نەوەکانی گەلی کورد دەبێ دان بەخۆیاندابگرن و لە کاتەکان بگەن.

ئەگەرچی دوژمنانی کورد هەردەم لە میللەتی کورد یەکگرتوو بوون و دەبن. ئامرازەکانی یەکگرتنیان زیاترە لە خودی میللەتی کورد لەگەڵ یەکتردا، غیابی بزوتنەوە و هیزێکی ناسیونالیستی سەراسەری ئەم زەمینەی بۆ دواوە پاڵناوە..

هێزە نوێخوازەکانیش بەداخەوە ئەمە بەئەرکی خۆیان نازانن و تەسلیم بە حزبە کانی ناوچەییان کردووە..

3. گرفتە ئەنتەرناسیوناڵەکان

ئەم دەوڵەتانە تەنها لە ڕوانگەی قازانجی خۆیان سیاسەتەکانی وەزارەتی دەرەوەیان دادەڕێژن. ئەم قازانجانەش لە هەموو مەوداکانی ژیانی وولاتدا دیراسەکراوەو حساب و کتابی بۆکراوە ئینجا دەست بەکاردەبن. بۆ هەمووانیش ڕۆشنە تەنانەت لە هەموو حالەتەکاندا تەقریبەن هەموو سیاسەتەکان ئیدامەی یەک سیاسەتی خۆیانە بۆ پاراستنی دەسکەوت و قازانجەکانیان.

سوپای کەندەدا قوربانی لە خۆڕا لە قەندەهار نادا یان سوپای بەریتانیای لە بەسرە هتد.

ئەم وەزعە بۆ قوتابیانی سەرەتایش ڕۆشنە بەڵام دەسەڵاتی کوردی لە دووریەکانی ناگات و بانگەشەی هاوپەیمان دەکات، کە لە واقع دا لە هیچ هاوکێشەیەکدا جیگایان نیە.

ئەوەی بۆ دەوڵەتە سەرمایەداریەکان گرنگە تەنها قازانجی بەرزی نەتەوەیی وولاتەکانیانە و هیچی ترو ئامادەنین لاینگرەکانی مێژووی خۆیان بە لایەنگری و دۆستی نوێی کورد بگۆڕنەوەو کە هێشتا تامی شیرینی داگیرکەرانیان لە ژێر ددان دایە.

لە سەردەمی بلۆکی سارد و تا دوای ئاڵوگۆڕەکان گەلی کورد وەکو گەلێکی دژی زۆرداران و بەهرەمەند لە پشتیوانی چەپ ناسراو بوو لە وولاتانی ڕۆژئاوایی و ڕووسیەدا بەلام ئەم وەزعەی ئۆپراسیۆنی ڕزگاری عێراق

و پێشتریش هەڵوێستی هەندێ لە پارتە سیاسیەکانی کوردستان ئەم وەزعانەیان شێواند.
ئیستا بەداخەوە پێوستی بە کارکردنێکی زۆرە تا دووبارە باوەڕ لە کرێکاران و چەپی ڕووسیە و وولاتانی ڕۆژئاوا وەربگرنەوە.
ئەمە لە دوا هەنگاودا بۆ دەسەلاتی کورد ڕۆشنە کەوا دەولەتانی زلهێز تەنها لە قازانج و پیداویستەکانی خۆیانن و نایەناوێ هیچ ئالوگۆڕێ لە ناوچەکە و سنوورەکان ببێت و بۆیەش لە واقع دژایەتی تەواوی قازانجەکانی نەتەوەیەک دەکەن کە خوازیاری ڕزگار بوونە.

بۆ هەر حزبێکی ئەلتەرناتیڤ کە بە یاسایی چالاکیەکانی پەرەپێبدات دەتوانێ لەسەر هەر یەک لەم گرفتانە بەدەیان سیاسەت و بۆ چوونی خۆی بە پراکتیک بکاتەوە،
لە هەموو حالەتێکدا دەبێ وەلام لە هەموو ئاستەکان بۆگرفتەکان بە شێوەی جۆراوجۆربێت و بتوانێ وەکو سیاسەتێکی کۆمپلیت وەلامی دروستی کۆمەڵگا بێت بۆ گشت گرفتەکان و لە هەموو ئاستەکاندا، ئینجا ئەم بزوتنەوەیە یان حزبە هەنگاوێ نزیکدەبێتەوە لە بزوتنەوە یان حزبێکی جەماوەری لێرەدا شایانی باسە بلێین کە گرفتە ناوخۆیەکان پەیوەندی بە خودی کۆمەلگای کوردستان هەیە و مەسەلەیەکی نادوژمنانەیە ، بەلام گرفتە دەرەکیەکان ئەوا مەسەلەیەکی دەرەکین و دوژمنانەن. دوژمنانە بەمانای هەندێ لە حاڵەتەکانی هێلی سوورن و قابلی مساومە نین.

تەمووزی 2007